## شێوازناسی

شـــێواز لە بنەڕەتدا پەیوەســـتە بە شـــێوەی دەربڕینی ناوەڕۆک و بابەت لە ژانرە جیاجیاکانی ئەدەب و ڕاســتەوخۆ پەیوەندی بە شــێوەی بەکارهێنانی زمانەوە هەیە. بەم چەشـــنە لە شـــێوازناســـیدا زمان و فۆڕمی دەربڕین کاریگەری تەواوی لە دەســـنیشـــانکردنی شـــێوازی دەقی ئەدەبی و هونەری هەیە. زاراوەی شـــێواز لە زمانناسی و ئەدەبدا پیشاندەری شێوەی ڕفتاری زمانییە. ئاخاوتن ڕفتارێکی زمانییە کە بەگوێرەی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، تەمەن و ڕەگەز و ئاســتی ڕۆشــنبیری تاک، شــێوەی جیاجیا وەردەگرێ. شــێواز لەلایەن زۆر کەســەوە پێناســەی بۆ کراوە. بۆ نموونە شـــێوەی بەکاربردنی زمان لە پەیکەرەیەکی دیاریکراودا لەلایەن کەســـێکی دیاریکراوەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو شێوازی پێدەگوترێ.

شەش چەمکی بنیادی شێواز

شــێوازناســان بە مەبەســتی دەســنیشــانکردنی شــێواز، پشــت بە چەند چەمکێکی بنچینەیی دەبەســتن و هەر یەک لە لایەنەکان بۆ پێناســەکردنی شــێواز، گرنگی بە یەکێک لەم چەمکە بنچینەییانە دەبەستن. ئەم چەمکانە بریتین لە:

١- هەڵبژاردن
٢- لادان
٣- پاتکردنەوە و بەردەوامی
٤- زمانی کارەکی
٥- پێگەی گوتار و تاکێتی

١-١: هەڵبژاردن

شـــێواز لە پلەی هەڵبژاردنی ئاگادارانە و نائاگادارانە لە فۆرم و پێکهاتەی زمان لە ســەدەی شــازدەمەوە لەلایەن توێژەرانەوە بەرباس بووە. ئەم بابەتە کاتێک جێبەجێ دەبێ کە بۆ دەربڕینی مانایەک یان بابەتێک، پتر لە شـــێوەیەک لەبەردەســـتدا بێ و

نووســـەر یان ئاخێوەر لەنێوان گشـــت ئەم شـــێوانە، یەکێکیان هەڵبژێرێ. زمان ســیســتەمێکی بەرفراوانە کە لە کۆمەڵە کەرەســەیەکی بچووک و گەورە پێکهاتووە وەکوو دەنگ، وشە، دەستەواژە، بەند و ڕستە و لەڕێگەی ئەمانەوە دەشێ کۆمەڵێک پێکهاتەی بێســنوور بەدیبێن. بەدڵنیاییەوە کەســێک بەتەنیایی ناتوانێ گشــت ئەم توانســتە زمانییانە لە گوتاری خۆیدا بەردەســت بکا، بۆیە لەم ناوەندەدا هەوڵدەدا بەشــێک یان پارچەیەک لە زمان هەڵبژێرێ. بۆ نموونە ئەگەر گەنجینەی وشــەی کەســێک زیاتر لە دەیان هەزار وشــە بێ، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا تەنیا دەتوانێ بەشــێکی تایبەت لەم گەنجینەیە بەکار بێنێ. بەم چەشــنە دەردەکەوێ جیاوازی لەنێوان زمان و گوتار هەیە.

١-٢: زمان و گوتار

زمانناسان توانستی زمان بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکەن: یەکەم سیستەمی زمان کە ســەرجەم توانســتە بنیاتییەکانی زمان دەگرێتەوە و دووەم گوتار. یەکەمینجار فێردیناند دیسۆسـێر لە سـاڵانی نێوان ١٩٠٦-١٩١١ی زایینی لە دەرسگوتارەکانیدا ئەم بابەتەی گەڵاڵە کرد. ســیســتەمی زمان شــێوەی ئایدیالی زمانە کە لە دۆخی کۆمەڵایەتی دایە و بەشــێوەی ســەربەســت و دوور لە دەســتوەردانی تاکە و بەشـێوەیەکی ڕەها لە بارێکی هۆشـەکی دایە. ئەمەش هەمان سـیسـتەمی دەنگ و وشــەکانە کە ئاخێوەرانی هەر زمانێک بەشــێوەیەکی هاوبەش زانیارییان لەبارەوە هەیە و لەسەری کۆکن. ئەمەش ئەو بەشەی زمانە کە فەرهەنگی وشە و کتێبەکانی ڕێزمان بەوردی لێی دەدوێن. بۆ نموونە زمانی کوردی بە گشت توانستە وشەیی و ڕێزمانییەکەی، سیستەمێکە کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا کە لە چەشنی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن هەمووانەوە پەسند کراوە. ئەم سیستەمە لە دەرەوە بۆ تاک دەگوازرێتەوە، بەمانایەکی وردتر تاک لەناو ئەم سیستەمەدا لەدایکدەبێ، گەشە دەکا و ناتوانێ بەکەیف و ویستی خۆی بیگۆڕێ.

بەشی دووەمی توانستی زمان کە گوتارە، لەلایەن دیسۆسێرەوە زاراوەی (پاڕۆڵ)ی بۆ دانراوە. بەپێی بۆچوونی ئەم زانایە بەکاربردنی کارەکی کەرەســەکانی زمان لەلایەن خەڵکییەوە لە چوارچێوەی گوتار و نووســیندا پاڕۆڵی پێدەگوترێ. پاڕۆڵ

ڕەنگدانەوەی ویست و توانستی تاکە لە بەکاربردنی توانستەکانی زمان و بەردەست خستنی نیشانە و دەستووری زمان. کەواتە گشت گۆڕانە زمانییەکان لە چوارچێوەی گوتاردا ڕوودەدەن. ئەم بابەتە دواتر لەلایەن نوام چۆمسکی بە جیاوازی نێوان توانستی زمانی و کرداری زمانی ناوی هێنراوە کە دوو ئاستی توانستی ئاخاوتن و گوتاری لێک جیاکردەوە و تاڕادەیەک هەمان جیاوازی نێوان سیستەمی زمان و ڕفتاری زمانە کە سۆسێر باسی کردووە. لەم سەردەمەدا جیاوازی نێوان زمان و گوتار گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ. ئەم جیاوازییە لە زانستی شێوازناسیدا یەکجار گرنگە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەشێ بگوترێ سیستەمی زمان بنچینەی سەرجەمی توانستە زمانییەکانی ناو گشت شێوەکانی زمانی کوردی پێکدێنێ. واتا هەموو کوردێک لە چوارچێوەی سیستەمی زمانی کوردی هەوڵی ئاخاوتن و نووسین دەدا. ئەم سیستەمە پێودانگێکی گشتی نەک تایبەتی بۆ هەموو کوردێک دەسنیشان دەکا و ئەوەی کەسێک بەکەیف و خواستی خۆی لە بەکاربردنی ئەم سیستەمە لە ئاخاوتن و نووسیندا چ هەڵبژاردنێک دەکا، شێوازی ئەم کەسە پێکدێنێ. بەم چەشنە ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی ئەم سیستەمە زمانییە واتا کۆی گشتی دەستووری زمان، هەڵبژاردن بکا، تووشی گومڕایی زمانی و لادان لە ڕێساکان دەبێ و ناتوانرێ قسە و ئاخاوتن و نووسینی ئەم کەسە بە جۆرێک شێواز دابنرێ؛ چونکە لە چوارچێوە و سنووری زمان دەردەچێ.

شێوازی تاک لە ئەنجامی جۆری هەڵبژاردن لە سیستەمی زمان بەدیدێ. هیچ کەسێک ناتوانێ گشت پێکهاتە و وشەکانی زمان لە بەرهەمەکەی خۆیدا بەکاربەرێ. بەکارهێنانی پۆلێک وشە و ڕێسای زمانەوانی لە گوتاری تاکێکدا بەری خودوو و لێڕاهاتنی ئەم کەسەیە و ئەم ڕاهاتنە بەر کاریگەری دیدگا، باوەڕ، ژینگە، توێژی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئاستی خوێندەواری و ئارەزووەکانی ئەم کەسە دەکەوێ. لە شێوازناسیدا کاتێک هەڵبژاردنی شێواز مانا وەردەگرێ کە لەنێوان یەکە هاوواتا و کەرەسە هاوئاستەکانی زمان، یەکێکیان هەڵبژێردرێ. بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

| یەکەم | دووەم |
|---|---|
| - هەوا ساردە. | - منداڵەکەم نووستووە<br>1 - کۆرپەلەم خەوتووە<br>2 - فریشتەکەم خەو بردوویەتی<br>3 - چاوگەشەکەم چاوی لێکناوە<br>4 - گوڵە سوورەکەم نەگەشاوەتەوە<br>5 - شێرەکەم ئارامی گرتووە |

ڕستەی یەکەم و دووەم هەڵگری دوو ناوەڕۆکی جیاوازن، بۆیە ناکرێ بەراوردی شێوازناسانەیان لە نێواندا بکرێ. لە ڕستەی دووەمدا کە پێنج ڕستەی دیکەی لەگەڵدا هاتووە، ئەم بەراوردکردنە بە سانایی جێبەجێ دەکرێ. هەر یەک لە وشەکانی منداڵ، کۆرپر، فریشتە، چاوگەش، گوڵەسوور، شێر شێوەی زمانی تایبەتن کە لە پانتایی زمانی کوردیدا بەکادەبرێن و سنووری بەکاربردنیان لەگەڵ یەکدا جیاوازن. هەندێکیان سەربە سنووری سۆزدارانە و هەندێکیان سەربە سنووری زمانی ئاخاوتن و هەندێکیشیان سەربە سنووری زمانی ئەدەبین. بەردەست کردن و هەڵبژاردنی هەریەک لەم وشانە بە پێکهاتە، هەڵکەوت، تەمەن، کات و شوێنی تایبەتەوە دەبەسترێنەوە و ڕۆنانیان لەتەک یەکەکانی دیکەی ناو ڕستەکاندا شێوازیان لێدەکەوێتەوە.

هەڵبژاردن لە ئاستی ڕستەشدا جێبەجێ دەکرێ. لە گشت زمانێکدا ڕۆنانی ڕێزمانی جیاواز بۆ دەربڕینی مانایەکی تایبەت بەردەستن و بەردەست کردنی هەر ڕۆنانێک، شێوازی مانایی یان دیدگای تایبەت بەرجەستە دەکەن. هەڵبژاردنی ئەم ڕۆنانە جیاوازانە لە دەربڕیندا شێوازی نێرەر دەخەملێنن. لەم ڕستانەی خوارەوەدا ناوەڕۆک و مانایەکی دیاریکراو لە چوارچێوەی چەندین ڕستەی ڕێزمانی جیاوازدا خراونەتەڕوو:

١- زانست و زانین لەم وڵاتەدا پشتگوێ خراوە.

٢- نرخی زانست و زانین لەم وڵاتەدا نزمە.

٣- خواردن و خواردنەوە لەم وڵاتەدا لە پێش زانست و زانینە.

٤- مودەتێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم        زۆرم گوت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم

لەم چوار ڕستەیەدا مانایەکی یەکگرتوو بە ڕۆنانی جیاوازی ڕێزمانی خراونەتەڕوو. سەرجەمی ئەم ڕستانە پیشاندەری باری کۆمەڵایەتی مانای زانستن، بەڵام بەشێوازی جیاواز و لەژێر کاریگەری ئاستی بەکاربردنی زمان و ڕێزماندا ئاستە جیاوازەکانی بێژەرەکانیان لە ڕووی بارودۆخ، تەمەن، کات و شوێن و ئاستی ڕۆشنبیری و جیهانبینیان دەسنیشان دەکا. هەر کەسێک بەپێی تایبەتمەندییە دەروونی و جۆری بابەتەکە، ڕۆنانی جیاوازی ڕێزمانیان بەردەست کردووە. لێرەوەیە کە دەردەکەوێ، شێواز ڕایەڵەیەکە لە هەڵبژاردنی زمانیی کە بەر کاریگەری پێکهاتەی کەسێتی بێژەر دەکەوێ. هەڵبژاردنی دەرکەوتە جیاوازەکانی زمان لە ئەنجامی هەڵکەوتنی گونجاوی پەیڤ و لە ژێر کاریگەری پێکهاتەی جیاوازی وەکوو ژانری دەق، کات، شوێن و سرووشتی پەیوەندی بەدیدێن. بەم چەشنە دەکرێ بگوترێ هەڵبژاردنی زمانی پیشاندەری شێوازە. ئەرکی شێوازناسی بریتی دەبێ لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی جۆری هەڵبژاردن و هۆکاری هەڵبژاردن و بەرجەستەکردنی ئەم هەڵبژاردنە لە دەق دایە.

٢- لادان

پێناسەی شێواز لە مێتۆدی فۆرمالیستی بریتییە لە لادان لە زمانی باو و ئاسایی، بە مانایەکی دیکە دژباوکردنی زمان بە مەبەستی درێژکردنەوەی مەودای تێگەیشتن و ئامانجی جوانی ناسی. لە گشت زمانێکدا بەمەبەستی دەربڕینی ناوەڕۆک و بابەت، شێوازی زمانی جیاواز بەردەست دەکرێن و لەناو ئەم شێوازانەدا یەکێکیان باوتر و ناسراوترە. ئەم باوبوونە ڕێسا و یاساکانی جۆری زمانی پێوانەیی دیاری دەکەن. شێوەی پێوانەیی لە گشت زمانێکدا باوترین و

هەمەلایەن‌تر لە شێوازەکانی دیکەیە کە لە ڕاستیدا هەمان زمانی فەرمی دەوڵەت و میدیا و ناوەندەکانی فێرکردن و ئەکادیمیایە.

٢-١: زمانی پێوانەیی لە ڕووی شێوازناسییەوە زمانی پێوانەیی، بە پلەی سفری گوتار و نووسین هەژمار دەکرێ. واتا ناتوانرێ کەمترین شوێنەواری تایبەتمەندیی کەسیی و تاکێتی بێژەری تێدا بدۆزرێتەوە. دەربڕینی بێ شێواز دەکەوێتە خانەی سفری گوتار کە تێیدا ڕێساکانی درووست نووسین بەتەواوی ڕەچاو دەکرێ. بۆیە لە زمانی پێوانەییدا تایبەتمەندی تاک و دیدگا و جیهانبینی و سۆزی کەسیی سفرە. بەم چەشنە لە ڕووی سۆز و جوانیناسییەوە، زمانێکی وشک و نەزۆکە. زمانی پێوانەیی شێوازی کەسیی یان پۆلێکی تایبەت نییە، بەڵکوو شێوەیەکی باوی بەکارهاتوو لەناو کۆمەڵگەیە کە هەمان زمانی ڕاگەیاندن و ناوەندە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی و خوێندنە. کاتێک بێژەر لە دەرەوەی ڕۆنان و شێوەی ناسراوی زمانی پێوانەیی دەربچێ، کەسێتییەک لە پەیڤەکانیدا بەدیدێ کە شێوازی ناوە. کەواتە بەمەبەستی تێگەیشتن و دیاریکردنی شێواز، پێویستە گوتاری ئەم کەسانەی لە دەرەوەی زمانی پێوانەیی دەدوێن لەگەڵ زمانی پێوانەیی بەراورد بکرێ. واتا زمانی پێوانەیی بۆ دەسنیشان کردنی شێواز بە پێودانگ دادەنرێ.

شێواز بە مانای دەرچوون و لادان لە زمانی باو، لە کۆنەوە لای یۆنانییەکان گەڵاڵە کراوە و ڕەوانبێژانی جیهانی کۆن هونەرەکانی ڕەوانبێژیان بە جۆرێک لە لادان لە زمانی باو دادەنا و زاراوەی (فیگۆر)یان بۆ ناونانی بەکارهێناوە. (کوین تیلیانووس)ی زانای ڕەوانبێژی لە سەدەی یەکەمی زایینی، بەم جۆرە پێناسەی فیگۆر دەکا: هەموو لادانێک لە شێوەی ئاسایی و باوی زمان، چ لە خەیاڵ و ئەندێشەدا یاخود لە دەربڕیندا دەرکەوێ، فیگۆری پێدەگوترێ.

لێرەدا گرنگ‌ترین پرسیار ئەوەیە: پێودانگی دەسنیشانکردنی باو چییە؟ بەکاربردنی کام زمان باو و کامیان دژەباوە؟ شێوازناسیدا چ کەرەسەیەک شیاوی ئەوەیە لێی بکۆڵدرێتەوە و چ شتێک شایەنی سەرنج پێدان نییە؟

دەبێ ئاماژە بەوە بدرێ هەموو لادانێک لە زمانی باو، بەهای ئەوەی نییە لە ڕووی شێوازناسییەوە سەرنجی پێبدرێ. شێواز لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی توانستەکانی

زمان، پرۆسەیەکی سەربەستە، بەڵام ئەم سەربەستییە بەشێوەی ڕەها نییە؛ بەڵکوو ئافراندنی شێواز دەبێ لە چوارچێوەی سنووورە ناسراوەکانی زمان بەرجەستە ببێ، تاکوو لای وەرگر پەرچەکردارێکی ئامانجدار و کاریگەر درووست بکا. بەم چەشنە لادان لە زمانی باودا بە دوو ئاراستە دەردەکەوێ.

یەکەم: لادانی ئەدەبی. ئەم جۆرە لادانە بریتییە لەم دەرچوونەی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هونەریانەی زمان کە شێوازی داهێنەرانەی لێدەکەوێتەوە.

دووەم: لادانی نائەدەبی. ئەم دەرچوونەی بەرەو ئاڵۆزی و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی مانایی زمان هەنگاو دەنێ.

جۆرەکانی لادانی ئەدەبی

١- لادانی دەنگی

٢- لادانی ڕێنووسی باو

٣- لادانی وشەیی

٤- لادانی ڕستەسازی

٥- لادانی پێکهاتەی دەق

٦- لادانی واتایی

لە ئەدەبدا پژلاندنەوە و دژەباویی ئامانجدار بایەخی پێدەدرێ و بە گشتی دژەباوی و پژلاندنەوە لە ئاستی فیزیایی زمان (دەنگی و ڕێنووس)، ئاستی پێکهاتە (وشە و ڕستە) و ئاستی مانایی ڕوو دەدەن. لە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە لادانە ئەدەبییەکان لە ئاستی ناوەڕاست واتا شێوەی زمان دەست پێدەکرێ و بەرەو ئاستەکانی دیکە دەپەڕێتەوە.

لادانی دەنگی: لەم جۆرەدا بێژەر ڕێسا دەنگییەکانی زمانی باو تێدەپەڕێنێ و شێوەی باوی دەنگەکان بەکارناهێنێ. جیاوازیی دەنگی لە شێوەزارەکانی ناو زمان و هەروەها شێوەی ئاخاوتنی توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ ناو دەقی ئەدەبی دەگوازرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە دەقی شیعری (سافی هیرانی) بڕوانین دەبینین کۆمەڵێک وشەی تایبەت بە شێوەزاری ناوچەی خۆشناوەتی بەکاربردوون کە هەندێ دەنگی ئەم وشانە لەگەڵ دەنگی هەمان وشەی زمانی باو جیاوازن. لەم دێڕە شیعرەانەی خوارەوەدا کۆمەڵە وشەیەک دەبینرێن کە هەندێ دەنگیان لەگەڵ دەنگی زمانی باو جیاوازە و تایبەتمەندی شێوەزاری ناوچەیی پێوە دیارە وەکوو (خوینە، ڕژایە، گۆتی، چونکی، نەینا) کە بەپێی زمانی باو دەنگەکان بریتین لە: (خوێنە، ڕژاوە، گوتی، چونکە، نەهێنا).

| |
|---|
| عالەم چ دەزانێ کە ئەمن کوشتەیی کێمە لەو تیری موژەت زاهیرە دائیم کە بە خوینە |
| پەروای نییە ئەسڵا لە قسەی زاهیدی خودبین مەعلوومە حەیای عاشقی بێچارە ڕژایە |
| پەیغامی دڵم زانی گۆتی تۆ موسوڵمانی ئەم عەشقە کە نازانی تۆ باسی گیاییێکە |
| چونکی بۆی نەینا سەبا گەردێ لە ژێری نەعلەکەت دڵ لە تاوا خاکی گشت عالەم بەسە ڕووی خۆی دەکا |

لادانی لە ڕێنووسی باو: نووسەر یان شاعیر لەڕێگەی گۆڕینی شێوەی نووسینی وشە یان دەق، گۆڕان لە مانا یان پێکهاتەی دەربڕین درووست دەکا. ئەم جۆرە لادانە لە شیعردا پتر لە دەقی نوێ و هاوچەرخ ڕوودەدەن و هەروەها لە ڕۆماندا لەم جۆرە ڕۆمانانەی بە شێوەی شەپۆلی هۆش دەنووسرن، لادان لە ڕێنووسی باو بە تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆمان دادەنرێ.

لادانی وشـــەیی: بەکاربردنی وشـــەی نەچەســـپاو لە زمانی ئاســـاییدا باو نین و بەکاربردنیان بەلادان دادەنرێ. وشـەی نائاسـایی و نەچەسـپاو بەسـەر دوو پۆلدا دابەش دەبن:

یەکەم: وشەی نەناسراو.

دووەم: وشەی داتاشراو.

وشـەی نەناسـراو هەر لەناو خودی زماندا هەن، بەڵام بەهۆی بەکارنەهێنان بەرەو بەشی نەناسراوی زمان دوور خراونەتەوە و لە زمانی ئاسایی و باودا بەکارنابرێن، وەکوو وشـــە کۆنەکان، وشـــەی زار و شـــێوەزارە جیاجیاکان، ناوە خۆجێی و هەرێمییەکان کە بۆ شـوێن و کەلوپەل بەکاردێن. هەروەها ئەم وشـانەی پەیوەسـتن بە پســـپۆڕییە تایبەتەکان کە لای بەکارهێنەرانی ئاســـایی زمان نەناســـراون. بەکاربردنی زۆر و بەردەوامی ئەم وشـــانە کاتێک ڕەنگی زمانی باو کاڵ بکاتەوە، وەکوو تایبەتمەندییەکی شـێواز خۆی دەنوێنێ. ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش)، (ڕشتەی مرواری) و (چێشتی مجێور) تەژی لەم جۆرە وشانەن.

وشـەی داتاشـراو ئەم پۆلە وشـانە پێکدێنن کە پێشـتر لە زماندا بوونیان نەبووە و نووســـەران و شـــاعیران بەگوێرەی تایبەتمەندی ڕێســـای دەســـتووریی زمان، درووســـتیان دەکەن. لەم ناوەندەدا دەبێ دەور و کاریگەریی (نالی) و (مەحوی) لە ئەدەبی کۆن و (گۆران) و (پیرەمێرد) لە ئەدەبی نوێ و (سەباح ڕەنجدەر) و (قوبادی جەلیزادە) لە ئەدەبی هاوچەرخ بەرز بنرخێنرێن.

لادانی ڕستە: شاعیران و نووسەران بە جێگۆڕکێ پێکردنی کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕسـتە لە شـوێنی ڕێزمانیان، بینای ئاسـایی ڕسـتە هەڵدەوەشـێننەوە. بەزۆری ئەم لادانە لە شیعردا بەهۆی پابەندبوونی شاعیر بە کێش و هونەرەکانی ڕەوانبێژی پتر لە پەخشـاندا ڕوو دەدا. ئەگەر لادان لە ڕسـتەسازی باوی زمان، بەچەشـنێک بێ کە لە دەربڕینی کەسـێکدا وەکوو دیاردەیەکی نووسـین دەرکەوێ و لە ئەنجامدا ببێتە بەشێک لە تایبەتمەندی نووسـین و گوتاری ئەم کەسـە، بە ڕسـتەسـازیی تایبەتمەند بەم نووســەرە دادەنرێ و بەم چەشــنە شــێوازەکەی دەناســرێتەوە. بۆ نموونە لە شـــیعری (عەبدوڵڵا پەشـــێو)دا لادان لە بینای ئاســـایی ڕســـتەســـازی کوردی

بەشـێوەیەکی بەرفراوان بەرچاو دەکەوێ. ئەم بابەتە بە تایبەتمەندی شـێوازیی ئەم شاعیرە دادەنرێ.

لادانی پێکهاتەی دەق: گواسـتنەوەی دەربڕین لە شـوێنێکی پێکهاتەی دەق بۆ شـوێنێکی دیکەی پێکهاتەی دەق، لادان لە پێکهاتەی دەقی لێدەکەوێتەوە. ئەم لادانە بەهۆی ناهەماهەنگی پێکهێنەرەکانی گوتار لە بینای دەقدا درووسـت دەبێ. بەم واتایە کاتێک دەربڕینێک لە پێکهاتەی گوتاری ئاراستەکراودا، بنووسرێتەوە، بەشێکی زۆری کەرەسـەکانی دەمۆکی و زارەکی کە دەردەبڕدرێن و دەرنابڕدرێن، شـێوەی نووسـین وەرناگرن. بۆ نموونە مەم و زین شـێوەی نووسـراوی دەربڕینە دەمکی و زارەکییەکانی ئەحمەدی خانین. پێکهاتەی سـەرەکی و ڕەسـەنی دەربڕینی خانی، زارەکی بووە؛ بەڵام لە کاتی نووسـینەوەیدا زۆرێک لەم پێکهاتەیە لە بینای دەربڕین دەرکراون و بژار کراون.

لادانی واتایی: سـازانی کەرەسـە ڕێزمانییەکان لەگەڵ یەکدیدا لە چوارچێوەی زنجیرەی گوتار ڕێکخستنی پێدەگوترێ. لەتەک یەک دانیشتنی وشەکان پەیڕەوی لە یاسـاکانی مانایی ناو سـیسـتەمی زمانی پێوانەیی دەکا. لادانی واتایی جۆرێک دەرچوون لە ئاسـتی ژێرەوەی ڕسـتەیە کە شـوێنی وشـەیەکی سـەر بە ئاسـتێکی ڕێزمانی لەگەڵ وشـەیەکی دیکەی سەر بە ئاستێکی دیکەی ڕێزمانی پڕ دەبێتەوە. بە مەبەستی ڕوونبوونەوە ئەم ڕستەیەی خوارەوە بە نموونە وەردەگرین:

| | | |
|---|---|---|
| دوو دێڕ | کتێب | دەنووسم |
| | نامە | |
| | چیرۆک | |
| | شیعر | |
| | فرمێسک | |

هاتنی ژمارە و ژمێردراو (دوو دێڕ) پێکەوە لە ڕووی لۆژیکی مانایی زمان، لادانە. چونکە (دێڕ) لە زنجیرەی ئاسـاییی گوتاری زمانی کوردیدا لەگەڵ (کتێب، نامە، چیرۆک و شیعر)دا هاونشینە نەک لەگەڵ (فرمێسک)دا، ڕستەی (دوو دێڕ فرمێسک

دەنووســـــم) لە دەرەوەی زنجیرەی ئاســـــایی گوتارە. زمانەوانان ئەم لادانە بە (هەڵبژاردنی هەڵە) یان (پۆلبەندی هەڵە) دەناســـێنن. زمانی خوازەیی لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنێکی نائاسایی کەرەسە زمانییەکان و دەرچوون لە ڕێسا واتاییەکانی زمانە کە مانای ئاســـایی ئاڵۆز دەکا. پەڕینەوە لە بنچینەی ڕێســـایی ناوەڕۆک، لە هونەرە واتاییەکان و نیشـانە ڕەمزییەکان وەکوو خوازە، خواسـتن، دژیەک، ئایرۆنی، درکە، هەســـت گۆڕکێ و ڕەمز ڕوو دەدەن. ئەم پۆلە کە ســـەربە پێکهاتەی واتایی یان ناوەوەی زمانن، (جوانکاری واتایی)یان پێدەگوترێ. لە بەرانبەر ئەمانەدا (جوانکاری وشـــەیی) هەڵدەکەون کە بریتین لە: پاتکردنەوە، ڕەگەزدۆزی، دووبارەبوونەوە و دەرچوون لە ڕێکخسـتنی ئاسـایی وشـەکانی زمان. لادانی واتایی لە شـیعری کۆنی کوردیدا و بەتایبەتی لە دیوانی مەلای جزیری و نالی و مەحویدا بەشـــێوەیەکی بەرفراوان دەردەکەون.

پشـکی لادانەکان لە بە هونەری بوونی زمان و شـیعرییەتی شـێواز هاوسـان نین. کاریگەری لادان لە نووســـیندا لە ڕادەی هونەری بوونی دەربڕین کەمتر لە لادانی وشـــەییە. لادانی دەنگی لە بەدیهێنـانی ئـاوازەی دەرەوەی دەربڕین، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە و بەم هۆیەوە لەچاو لادانی وشـــەیی، ڕســـتەیی و پێکهاتەیی، ئاســـتێکی بەرزتری هونەریی تۆمار دەکا. لوتکەی داهێنانی هونەری و شیعرییەتی دەق لە سنوور و چوارچێوەی مانادا ڕوودەدا.

شێواز: پاتبوونەوە و بەردەوامی تایبەتمەندیی

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شـــێواز، بابەتی پاتبوونەوە و بەردەوامبوونی کردارە زمانییە تایبەتەکان لە چوارچێوەی دەقە. شێواز ئەو کاتە مانا وەردەگرێ کە پاتکردنەوە و بەردەوامیی کەرەســـەی وێنەیی و بابەتیی لە دەربڕینی بێژەرێکدا هەســـتی پێ بکرێ. ئەگەر بێژەر یان نووســـەرێک بە هەڵکەوت و بەشـــێوەیەکی سـنووردار بینایەکی ڕێزمانی تایبەت یان وشـە یان دەربڕین یان وێنە و بابەتێک لە گوتارەکەیدا بەکاربێنێ، شـێواز بەدیناییێ. دەرکەوتنی دووبارەبوونەوەی بەرفراوانی تایبەتمەندییە شـێوازسـازەکان، بە پێویسـتیی درووسـتبوونی شـێواز دادەنرێ، نەک

بەکارهێنانی سنووردار و بەهەڵکەوتی بنیاتە زمانییەکان. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان دووبارەبوونەوەی بەرفراوانی کردارێکی زمانی و دەرکەوتنی شێواز لە ئارادانییە. واتا ڕەنگە تایبەتمەندییەکی زمانی یان دەرکەوتنێکی دربڕین، بە ڕێژەیەکی بەرفراوان دووبارە ببێتەوە، بەڵام بە تایبەتمەندیی شێوازی دانەنرێ. بەم چەشنە بۆ ئەوەی شێوازێک بەدیبێ، دەبێ شێوەکانی بەکارهێنانی زمانیی لە گوتاری کەسێکدا بە پلەیەکی بەرز و فراوان بەکارببرێ و بەردەوام بێ. بێگومان ئەم دووبارەبوونەوەیە دەبێ سرووشتی بێ، بەچەشنێک وەکوو خووێکی زمانیی دەرکەوێ. بۆ نموونە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی نووسین لای جەبار جەمال غەریب، بەکارهێنانی بەرفراوانی ڕستەی بێ فرمانە. ئەم تایبەتمەندییە لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا بەردەوامە. هەروەها بەکاربردنی سیما ئەفسانەییەکان و دووبارەبوونەوە و بەردەوامیان لە دەقە جیاوازە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت) بە شێوازی شیعری ئەم شاعیرە دادەنرێ. شێواز لای (مەلای جزیری) لە دووبارەبوونەوە و بەردەوامی زاراوە سۆفیگەرییەکان و هەروەها مەی و بادە و دیاردە ئەستێرەناسییەکان، پیشاندەری شێوازی تایبەتی ئەم شاعیرەیە. ئەم شێوازە تایبەتە لای (نالی)، (مەحوی)، (شێخ ڕەزا)، (وەفایی)، (دڵدار)، (گۆران)، (هێمن)، (هەژار) و ...هتد بەپێی دووبارەبوونەوە و بەردەوامبوونی ئەم پاتکردنەوە تایبەتانەی کردارە زمانییەکان دەسنیشان دەکرێن.

بەم چەشنە دووبارەبوونەوە و ڕادەی پاتکردنەوەی تایبەتمەندی شێواز، لە زانستی شێوازناسیدا بە سەرەداوی ڕاڤە و شیکردنەوەی شێواز دادەنرێ. لە بنچینەدا دووبارەبوونەوە و بەردەوامبوون، گرنگترین هۆکاری درووستبوونی شێوازە.

## شێواز: بەکاربردنی زمان

هەموو زمانێک بەهۆکاری کۆمەڵایەتی، جوگرافیایی، مێژوویی و ...هتد بەبەردەوامی لە گەشە و گۆڕان دایە. لە ئەنجامی ئەم گەشە و گۆڕانانە بۆ بابەتێک، شێوەی جیاوازی زمانی لە ماوەیەکی زەمەنی یان هاوکات بەدیدێن و بەم جۆرە شێوەی جیاوازی دەربڕین لەم زمانەدا بەرجەستە دەبن. گشت کۆمەڵەیەکی زمانی

بەگوێرەی شـــێوە جیاوازی ناوچەیی، کولتووری و کۆمەڵایەتی لەناو خودی خۆیدا دەتوانێ بۆ یەک یان چەندین (شێوەی کارەکی) دابەش ببێ. شێوەی کارەکی، جۆرە لاوەکییەکانی زمـانێک پێکدێنن کە هـاوبەشـــییەکی زۆر و جیـاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا بەدیدەکرێ و پرۆســـەی تێگەیشـــتن و پەیوەندی لەناو بەکاربەرانیاندا بە سـانایی و بەبێ هیچ کێشـەیەک جێبەجێ دەبێ. کولتوور و گوتارە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵەیەکی زمـانی چەندین شـــێوەی جیاوازی زمـانێک پێکدێنن. تـایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی شێوەیەکی گوتاری ڕەنگە لە ئاستی دەنگ، وشە و ڕستە دەرکەون. بەشـێوەیەکی گشـتی (شـێوەی کارەکی)ی زمان بەپێی تایبەتمەندی ئامانجی نێرەر، جۆری پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر و هەلومەرجی ئاخاوتن پێناســـە دەکرێ، بۆ نموونە نووسـین و ئاخاوتن دەشـێن بە دوو شـێوەی زمانی دابنرێن. جیاوازی دوو شـێوەی نووسـین و ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا لە ئاسـتی دەنگ، وشـە و ڕسـتەدا دەردەکەوێ. لە خوارەوە شێوەی کارەکی جۆرەکانی زمانی کوردی پۆلین دەکرێن:

- شێوەی نووسین و ئاخاوتن

- شـێوەی ناوچەیی یان شـێوەزار وەکوو شـێوەی هەولێری، سـلێمانی، سـنەیی، مەهابادی و شێوەزار وەکوو سۆرانی، بادینی، هەورامی و ...هتد.

- شـێوەی زانسـتی وەکوو شـێوەی پزیشـکی، ئەندازیاری، مافپەروەری و یاسـا، شەرعی.

- شێوەی دینی و مەزهەبی وەکوو ڕێوڕەسمی دینیی مەزهەبە جیاوازەکان.

- شێوەی کۆمەڵایەتی وەکوو شێوەی توێژی فەقێ، شۆفێر، تۆڕی کۆمەڵایەتی.

هەموو تـاکێکی کورد، دەتوانێ جیاوازی نێوان (شـــێوەی کارەکی) ئەم شـــێوانە دەسنیشان بکا.

شێوەی پێوانەیی: ئەم جۆرە زمانە بەرفراوانتر لە جۆر و شـێوەکانی دیکەیە، زمانی فەرمی دەوڵەت و نـاوەنـدەکـانی خوێنـدن و میـدیـایە. شـــێوی پێوانەیی لەڕووی کارەکییەوە زۆر لە شـــێوەی زمانی نووســـین نزیکە، چونکە بەزۆری نووســـراوی

کارگێڕی فەرمانگەکان، وانەوتنەوە و پەروەردە، نووسینی ئەکادیمی، ڕۆژنامەگەری و ...هتد پەیڕەوی لەم شێوەیە دەکەن و هەر لەبەر ئەوە لەچاو شێوەکانی دیکە لە بەرانبەر گەشە و گۆڕاندا خۆڕاگرترە.

هۆکاری گۆڕان و شێوەی کارەکی

هەڵبژاردنی تاک بە مەبەستی بەکارهێنانی شێوەیەکی زمانی لە سنووری بەرفراوانی زمان، بە کۆمەڵە هۆکارێکەوە پەیوەستە. ئەم هۆکارانە بریتین لە: هۆکاری جوگرافیایی – ژینگەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، تەمەن، خوێندەواری، پیشە و ...هتد. ئەمانە هۆکارن بۆ درووستبوونی جیاوازی زمانی و لەسەر دوو ئاستی تاک و کۆمەڵ دەردەکەون.

١- هۆکاری جوگرافیایی – ژینگەیی: جوگرافیا و ژینگە هۆکاری جیاکردنەوەی شێوەزارە جیاوازەکانی ناو زمانێکن. واتا جوگرافیا و ژینگە هۆکارن بۆ دەسنیشان کردنی شێوەی زمانی ناوچە جیاوازەکانی سنووری زمانێکی دیاریکراو. لەم جوگرافییە جیاوازانەدا بۆ دەربڕینی مانای بابەت یان چەمکێک، سوود لە شێوەی جیاوازی زمانی وەردەگیرێ. ئەم جیاوازیانە لە ئاستی دەنگ، وشە و ڕستە دەبینرێن و لە بنچینەدا هەمان تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی شێوەزارەکانن. بەکاربردنی ئەم شێوەزارە جیاوازانە لە ئەدبی گێڕانەوەدا وەکوو ڕۆمان و چیرۆک، ڕۆڵێکی بنچینەیی و گرنگ دەگێڕن. بۆ نموونە بەکارهێنانی شێوەی هەولێری لەلایەن (عەزیزی مەلا ڕەش) لە نووسینی ڕۆماندا، بووە بە هۆکاری ئەوەی پژلاندنەوەی ئاستی دەنگی ئەم شێوەیە بۆ ناو ڕۆمان بخزێ و لادان لە ئاستی نووسین و ڕێنووسی گفتوگۆ بەدیبێ و خوێنەری نائاشنا بە شێوەی هەولێری تووشی وەستان و ڕامان بکا.

٢- هۆکاری کۆمەڵایەتی: لە کۆمەڵەیەکی زمانیدا شێوەکانی ئاخاوتن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ توێکانی کۆمەڵگەدا هەیە. توێکاریی و توێژبەندکردنی کۆمەڵەی

زمانی، بە هۆکاری ئابووری، توێژ، ڕەگەز، تەمەن، خوێندەواری و پیشەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەســـتراوەتەوە. لێکۆڵینەوە لە شـــێوەی زمـانی، کۆمەڵە زانیـارییەکی ســەرنجڕاکێش ســەبارەت بە کەســایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەر بەدەســت دەدەن. لە زمانی کوردیدا شـێوەی کارەکی زمانی مامۆســتایانی ئایینی، مامۆســتا، ئەوانەی لە هەندەران ژیاون، پیشـــەگەران و ...هتد بە ئاســـانی لێک جیادەکرێنەوە. بەکارهێنانی هەر یەک لەم شـــێوانە لە دەقی ئەدەبیدا، لادانی زمانی و پڕلاندنەوەی شێوەی زمانی لێدەکەوێتەوە کە لە ئەنجامدا دەرکەوتنی شێوازی لێدەکەوێتەوە.

٣- هۆکاری زانستی: هەندێ لە زانست و بەشە زانستییەکان وشە و دەستەواژە و تەنانەت شـێوەی ڕێزمانی تایبەت بەخۆیان هەیە کە لەگەڵ شـێوەی زمانی پێوانەیی جیاوازە. ئەم جیاوازییە بەهۆی بەکاربردنی زاراوەی زانستی و تایبەت بەم زانستانە و ڕۆڵی تایبەتی زمان لەم بوارەدا بەدیدێن. بۆ نموونە شێوەی یاسا و مافپەروەری لە زمانی کوردیدا بەهۆی ئەوەی یاســا و دەســتووری کوردســتان لەســەر بنەمای فیقهی ئیســـلامی بنیات نراوە، تەژی لە زاراوە و دەســـتەواژەی عەرەبییە. هەروەها بەهۆی گەڕانەوە و پشـــت بەســـتن بە بەڵگە و دۆخی هاوشـــێوە لە دادوەرییەکانی ڕۆژگاری پێشـوو، ڕسـتەسـازی و شـێوازی ڕێزمانی بڕگە یاسـاییەکان، تاڕادەیەک ئاڵۆزن.

٤- هۆکاری ڕەگەز: جیاوازی زمانیی لە ڕەگەزدا نموودی زۆرە. جیاوازی زمـانیی لە نێوان ژن و پیاودا زۆرە کە ئەمڕۆ لە ڕەخنەی نوێدا بە زمـانی ژنـانە و زمـانی پیـاوانە نـاوی دەبەن. فەرهەنگی وشـــەی ژنـانە و پیـاوانە بەرەنجـامی ئەزموونی پیشـــەیی و ئەرکی کۆمەڵایەتی ژن و پیـاوانە. ترازان و دوورکەوتنەوەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکـانی نێوان ژن و پیـاوان هۆکـاری جیـاوازی زمـانی ئەم دوو ڕەگەزە بووە و لە هەر ســـێ ئاســـتی زمانیدا ئەم جیاوازیانە لەنێوانیاندا بەدیدەکرێن. بۆ نموونە (جەرگت نەســووتێ، وەی شـێرە، قەلەندەر، داکت بمری و ...هتد) ئەم جۆرە دەربڕینانە تایبەت بە ژنانە و لای پیاوان ئەم دەســـتەواژە و ڕســـتانە باون وەکوو

(چـاومـانی، براتم، قوربـانـت، نۆکەرتم و ...هتـد). تۆن و ئـاوازەی دەنگی ژنـانە و پیاوانەش جیاوازن. بەکاربردنی تۆن و ئاوازە و کەرەسـ‍ـ‍ـ‍ـە زمانییەکانی تایبەت بە هەر یەک لەم دوو ڕەگەزە لەلایەن ڕەگەزی بەرانبەردا لادانی لێدەکەوێتەوە کە لە ئەدەبی تەنز و گاڵتەوگەپدا زۆر بەکاردەبرێ.

هۆکاری تەمەن: تەمەنی ئاخێوەر هۆکارێکە بۆ جیاوازی زمانی لەناو کۆمەڵگەدا کە لە دەربڕین و ئاخواتنیاندا بەرجەسـ‍ـ‍ـ‍ـتە دەبێ. لە زمانی کوردیدا شـ‍ـ‍ـێوەی کارەکی زمانی منداڵ پێش قۆناغی قوتابخانە، قۆناغی قوتابخانە، قۆناغی ناوەندی، قۆناغی زانکۆیی لێک جیـادەکرێنەوە. ئەم جیـاوازییەش لە هەر سـ‍ـ‍ـێ ئـاسـ‍ـ‍ـتی زمـانیـدا بەدیدەکرێن. زمانی منداڵان لە بازنەی یەکەم و دووەم و سـ‍ـێیەمی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی جیاوازە، بۆیە لە شـ‍ـێوازناسـ‍ـیدا شـ‍ـێوەیەکی ئەدەبی دیاریکراو بۆ منداڵان دەسنیشان کراوە کە بە ئەدەبی منداڵان ناسراوە.

لە بنچینەدا شێواز و زمانی کارەکی جیاوازن. شێوەی کارەکی ئەم شێوەیەی زمانە کە لە چوارچێوەی هەڵکەوتەیەکی کۆمەڵایەتیدا باوە. واتا شـ‍ـێوەیەکی چەسـ‍ـپاوە کە پێشتر ڕێکەوتنی کۆمەڵەی ئاخێوەرانی لەسـەر هەبووە. بەهۆی ئەم شێوەیە گرووپ و توێژەکـانی کۆمەڵگە لە یەکدی جیـادەکرێنەوە و بەم چەشـ‍ـ‍ـ‍ـنە لە چوارچێوەی توێژینەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا گرنگی پێدەدرێ. لە زانسـ‍ـ‍ـتی زمانەوانیدا پتر لە زمانی تاک، گرنگی بە زمان وەکوو ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی دەدرێ و لێکۆڵینەوە لە زمانی تاک و بەتایبەتی ئەم مانایانەی لەلایەن تاکەوە بەرهەم دێن، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی واتاسازیدا جێگەیان نابێتەوە؛ چونکە زمانی تاک پیشاندەری تێگەیشتنی تاک لە جیهانی دەرەوە و ئاسـ‍ـتی تێگەیشـ‍ـتنیەتی، کەچی لە زمانی کۆمەڵایەتیدا واتا بە پلەی یەکەم گرنگی پێدەدرێ.

لەلایەکی دیکە شـ‍ـێوازناسـ‍ـ‍ـی گرنگی بە شـ‍ـێوەی زمانیی تایبەتمەند دەدا کە مانای داهێنـان و تـاکێتی لە بەکـارهێنـانی زمـان بەرجەسـ‍ـ‍ـ‍ـتە دەکا و هەوڵ و ئـامـانجی شـ‍ـێوازناسـ‍ـ‍ـی دۆزینەوەی زمانی تاک و پرسـ‍ـ‍ـی بەکەس کردنی زمان لەلایەن تاکە.

شێوازناسی لەوە ڕادەمینێ کە لە ناوەوەی زماندا چ ڕوودەدا؟ کام دەرکەوتنەوە و پەیوەندییە زمانییەکان، شێوازی ئاخێوەر بەدیار دەخەن؟

شێواز: دەربڕینی گونجاو لەگەڵ بارودۆخدا

بارودۆخ و شوێنی گوتار و گونجاوبوونی دەربڕین، بەردەوام بەسەر تاکدا زاڵە و شێوازی دەربڕینەکەی ئاراستە دەکا. بۆیە لە شیکردنەوەی شێوازدا، ناکرێ بارودۆخی دەربڕین پشتگوێ بخرێ. بارودۆخی دەربڕین بریتییە لەم زەمینە و هەلومەرجەی کە دەربڕین تێیدا بەدیدێ و بە زاراوەی وەکوو زەمینە، پێکهاتە، بەستەر، کەشوهەوا و ڕۆنان ناسێنراوە. بارودۆخ وا لە تاک دەکا لە دەربڕیندا جگە لە مانای مەبەست، کوالیتی و بارودۆخی دەربڕینەکەی لەگەڵ یەکدا بگونجێنێ. بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ زانایەک بدوێ دەربڕینەکانی کورت و پڕ مانا بن و ئەگەر بەرانبەرەکەی کەسێکی فێرخواز بێ، پێویستە دەربڕینەکانی لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی ئەودا هەماهەنگ بکا.

بەگوێرەی زانستی زمانەوانی دەربڕین لە چوارچێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا جێبەجێ دەبێ و مانای سەرەکی گشت دەربڕینێک تەنیا لە بەستەری بارودۆخدا دیاری دەکرێ. بەستەری دەربڕین لە کۆمەڵەیەکی پێکەوە گرێدراو پێکدێ کە بریتین لە: زەمینەی دەربڕین، بەشداربووانی گفتوگۆ، ئامانجی دەربڕین، بەدوای یەکداهاتنی کردارەکان، ئاوازەی پەیڤ، چوارچێوە و فۆڕمی دەربڕین و ...هتد. بەم چەشنە ئەم بەستەرە کۆمەڵایەتییەی دەربڕینی تێدا بەرهەم دێ، خۆی بەسەر شێوازدا دەسەپێنێ و ئاراستەی دەکا.

کەرەسە پێکهێنەرەکانی بەستەر

بەشێوەیەکی گشتی لە مەودایەکی پەیوەندی یان لە بارودۆخێکی دەربڕیندا، کۆمەڵە کەرەسەیەکی کاریگەر بەشدار دەبن و کەشوهەوای دەربڕین و گوتار بەدیدێنن کە لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

١- بەرهەمهێنەری دەربڕین (نێرەر، بێژەر، نووسەر، وتاربێژ، ئاخێوەر، پرسیارکەر)

٢- وەرگری دەربڕین (خوێنەر، بیسەر، وەڵامدەر)

٣- بەستەر یان زەمینە، دیمەن یان کەشی فیزیایی کە دەربڕین تێیدا بەرهەم دێ و بەشێوەیەکی گشتی کات، شوێن و ئەم کەشە دەگرێتەوە کە بەشداربووانی دەربڕین تێیدا ئامادە دەبن.

٤- کۆد، ئەوەی گیان بەبەر گفتوگۆدا دێنێ. لە گشت دەربڕینێکدا کۆمەڵە هێما و نیشانە و ئاماژەیەک هەن کە لەلایەن بەشداربووانەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن. لە دەربڕیندا (شێوەی جدی، گاڵتە، سۆزداری، فەرمی و هۆشەکی) هەر یەکەیان بە کۆد دادەنرێن.

٥- ئامانجی دەربڕین، هەموو دەربڕینێک بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجێکی دیاریکراوی تاک یان کۆمەڵ ڕێکدەخرێ.

٦- پەیام، شێوە و جۆری دەربڕین لەسەر بنەمای جۆری پەیام ڕێکدەخرێ.

٧- شێوەی پەیام، فۆڕم و چوارچێوەی دەربڕینە، بۆ نموونە فۆڕمی نامە، چیرۆک، ئەفسانە، شیعر، ڕێکلام و ...هتد.

٨- کاناڵی پەیوەندی، ئەم سیستەمەیە کە بەمەبەستی پەیوەندی بەستن بەکاردەبرێ، وەکوو نووسین، ئاخاوتن، ئاماژە.

٩- بابەت، نێرەر سەبارەت بە چی دەدوێ؟

١٠- پرس، ئەم بابەت و ڕووداوەی بەرباسی دەربڕینە، ئەگەر ڕووداوی بەرباس پەیوەست بە تاک بێ و لە مەودای ڕستەیەکدا دەربڕدرێ، بەستەرێکی بەرتەسکی زمانییە. ئەگەر لە چوارچێوەی چەند ڕستەیەکدا دەربڕدرێ، بەستەری دەق پێکدێنێ و ئەگەر لە ئاستێکی بەرفراواندا و پەیوەست بێ بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە بەستەرێکی گەورەتر پێکدێنێ کە گوتاری ناوە.

١١- نیشانە و هێما، ئەم سیستەمە زمانییەی نێرەر بەمەبەستی گواستنەوەی پەیامەکەی بۆ وەرگر بەکاری دێنێ. ئاخێوەرانی شێوەیەکی زمانی، لەڕێگەی نیشانە و هێما زمانییە تایبەتەکانیان پەیوەندی گرێ دەدەن.

شـــیکردنەوەی چۆنییەتی و چییەتی و ئامـانجی دەربڕین، بەبێ وردبوونەوە لەم کەرەسانە سەرناگرێ، چونکە هەریەک لەم کەرەسە پێکهێنەرانە کاریگەریان لەسەر شێواز و شێوەی دەربڕین هەیە و تەنانەت مانا و شێوەی گواستنەوەی پەیامەکەش دەسنیشـان دەکەن. کاریگەری ئەم کەرەسانە بەڕادەیەکە کە گۆڕان لە هەریەکێکیان ڕووبدا، گۆڕانی شێواز و ناوەڕۆک و دەربڕینی لێدەکەوێتەوە.

جۆرەکانی بەستەر

زماناسان لە توێژینەوەکانیاندا چەند بەستەرێکیان بۆ دەربڕین دەسنیشان کردووە. بەســـتەری زمانی، بەســـتەری بارودۆخ و بەســـتەری مێژوویی یان دەقئاوێزان کە هەریەک لەم بەستەرانە لە پرۆسەی پێکهێنانی دەق و تێگەیشتن و ڕاڤەی خوێنەراندا ڕۆڵ دەگێڕن.

١- بەستەری زمانی یان تێکست

ئەم دەقەی لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان وشـە و ڕسـتە و ڕۆناندا بەدیدێن. ئاخێوەر لە ئەنجامی پێکەوە گرێدانی کۆمەڵە ڕســـتەیەکی زمانیی، بەســـتەر یان تێکســـتێک درووســـت دەکا کە بە بەســـتەری زمانی ناســـراوە. وشـــە و ڕســـتەکان تەنیا لە چوارچێوە و لەناو خودی ئەم بەستەرەدا مانا وەردەگرن و لە بنچینەدا بەهۆی ئەم بەستەرەیە کە لە دەق تێدەگەین. کەرەسە پێکهێنەرەکانی پێشی و پاشی لەناو دەقدا کاریگەری لەســـەر یەک دادەنێن و ئەرکی مانایی یەکدی تەواو دەکەن. مانای وشـــە لە چوارچێوەی ئەم بەســـــتەرەی کە تێیدا جێگیر بووە، بەوردی تـاوتوێ دەکرێ. هەندێ لە زمانەوانان پێیانوایە بەپێی ژینگەی ڕوودان و دەربڕینیان، دەتوانین مانای وشەکان شیبکەینەوە. بۆ نموونە هەر دوو مانای وشەی (شیر) لە بەستەری (شیری مانگا) و (شیری دوژمن) بەدیار دەکەوێ و شیدەکرێتەوە.

٢- بەستەری بارودۆخ یان نازمانی

پەیڤ یـان دەقێـک لە چوارچێووەی ئەم هەلومەرجە تـایبەتەی کە تێیـدا بەرهەم هاتووە، هەڵســوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ. بەســتەری کولتووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی

و سیاسی لەم پۆلەدا هەژمار دەکرێن. بارودۆخ پەیوەستە بە کات، شوێن، کرداری پەیڤ و بەشێوەیەکی گشتی بە هەلومەرج و بارودۆخی فیزیاییەوە.

٣- بەستەری مێژوویی یان دەقئاوێزان

گشت دەقێک جگەلەوەی پەیوەستە بە بەستەری زمانی و بارودۆخ، بە بەستەرێکی دیکەش گرێدراوە کە هەمان ڕێڕەوە مێژووییەکەی دەقە. سەرجەمی تێکست و گوتار و دەربڕینەکان خاوەنی مێژووی تایبەت بەخۆیانن و سەربە خێزانێکی دیرۆکی تایبەتن. ئەم کۆمەڵەیە بەردەوامی پێدەری یەکدی و بەیەکدییەوە کاریگەرن و بەسەریەکەوە بەستەرێکی مێژوویی پێکدێنن و کاریگەری لەسەر ڕادەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی شیکەرەوەی دەق دادەنێن. سەرنجدان بە بەستەری دەقئاوێزان پێویستی بەوەیە گوتار و دەق لە چوارچێوەی ڕێڕەوی مێژووییەوە لێی بڕوانرێ.

بارودۆخ ناسی و شێوازناسی

دەربڕین لە هەلومەرجی جیاوازی کۆمەڵایەتیدا جگەلە توانستی بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانی ڕاست و درووست، پێویستی بە توانستی دیکەش هەیە و ئەمیش بریتییە لە ناسینی ڕێساکان و هەلومەرجی هەنووکەیی و توانایی گرێدانی پەیوەندی. ئاخێوەری بەتوانا تەواو شارەزای ڕێسا و یاسا گونجاوەکانی گشت بارودۆخێکی دەربڕینە، ئەوەی لەم کاتەدا لە پێش هەموویانە (دەربڕینی لەجێیە) نەک (دەربڕینی درووست). کەواتە توانستی دەربڕین لە پرۆسەی گرێدانی پەیوەندی کاریگەر، جگەلە توانای بەکاربردنی ڕێسا زمانەوانییەکان پێویستی بە بابەتی دیکەش هەیە کە بریتین لە:

١- شارەزا بوون لە ڕێزمان و فەرهەنگی وشە

٢- شارەزا بوون لە بنەماکانی دەربڕین: دەسپێک، کۆتایی، بابەت و کەشی دەق

٣- بارودۆخ ناسی: تێگەیشتن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی خود و ئەوانی دیکە.

هەڵبژاردن و بەکاربردنی هەریەک لە شـــێوەکانی زمان بە ڕادەی فەرمی بوونی بارودۆخ، تەمەن، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و پیشەی ئاخێوەر و گوێگر و لایەنەکانی بەستەر لە پەیوەندی دایە. واتا شێوەکانی کارەکی زمان، بە بارودۆخی دەربڕینەوە گرێدراوە. بەم چەشنە دەربڕین دەتوانێ پیشاندەری ڕادەی فەرمی بوونی بارودۆخ، کەسـایەتی قسـەکەر، تەمەن، ڕگەز و توێژی کۆمەڵایەتی کەسـەکان بێ. چۆمسـکی ئەم شـێوەیە بە جۆری پەیوەسـت بە شـێوەی دەربڕین (سـیاق) دەناسـێنێ. بەم ڕێگەیەوەیە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گوتار یان دەربڕین، خۆی بەسـەر شـێوازدا دەسـەپێنێ. لەم سـۆنگەوە شـێواز شـێوەیەکی کەسـی و تایبەتیی لە زمانە کە پەیوەندییەکی پتەوەی بە بەستەر و بارودۆخەوە هەیە.

هەندێجار بەسـتەر جۆرە دەربڕینێک بەسـەر بێژەردا دەسـەپێنێ کە لەگەڵ هەڵومەرجی کرداری دەربڕیندا هاودژە. ئەم جۆرە لە سەرەتادا ڕەوان نییە، بەڵام لە ڕووی ڕێسـا و یاسـاکانی زمانەوە تەواو ڕێزمانییە. بۆ نموونە لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم کاتێک کۆمەڵە شـاعیر و ئەدیبێک شـێوازی نوێی ئەدەبیان لە بەرانبەر شـێوازی باوی ئەدەبی ئەوسـا پێڕەو کرد، ئەم شـێوازە نوێیە لەلایەن ئەدیبان و خوێنەرانەوە بە پەسـند نەدەزانرا، چونکە زمانی ئاسـایی و ڕۆژانە دەقی ئەدەبی پێ نووسـرا. وشـە و دەسـتەواژە و دەربڕینی نوێ هاتە ناو دنیای ئەدەب، ئەم وشە و دەستەواژە و دەربڕینانە لەم سەردەمەدا ئەگەرچی هاوتەریبی بەستەر و بارودۆخی زمانی ئەدەبی نەبوون، بەڵام ئەم دەقانەی کە نووسـران، لەڕووی ڕێزمانییەوە هیچ کێشـەیەکی ڕێسـایی و یاسـایی زمانیان نەبوو. کەواتە بەکاربردنی ئەم شێوەیەی زمانە لە نووسینی کوردیدا بەهیچ شێوازێک هەڵە نەبوو، بەڵکوو تەنیا باو نەبوو و زۆربەی ئەدیبانی ئەوسـا بەکاربردنی ئەم شـێوەی زمانەیان بەلاوە پەسـند نەبوو. دواتر ئەم شـێوەیە بەهۆی بەردەوامبوون و دووبارەبوونەوە و گەشـەکردن، قۆناغێکی نوێی لە ڕەوڕەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمارکرد و خۆی لەگەڵ بەستەر و بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمدا هاوتەریب کرد و دواجار وەکوو شێوازی زاڵ و باو خۆی چەسپاند.

## شێواز: داهێنانی تاک

لە ڕوانگەیەکی باودا دەگوترێ بنەمای شێواز بەتایبەتی لە ئەدەبدا لەسەر بنچینەی تاکێتی بنیات دەنرێ. مەبەست لە تاکێتی واتا ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی کەسیی وەکوو بەهرە، خوو و باوەڕی کەسێک لەناو دەقدا. ڕێک ئەم تایبەتمەندیانەن کە بینا و مانای دەربڕین دادەمەزرێنن و دەبنە هۆی ئەوەی شێوازەکانی دەربڕین لێک جیابکرێنەوە. شێوازناسی فەڕەنسی (بوفۆن) لەم بارەوە دەنووسێ: شێواز هەمان خودی کەسەکەیە. واتا شێواز جامێکە کە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی تاکی تێدا بەرجەستە بووە.

ئەرکی بنچینەیی شێواز بریتییە لەوەی: لە زماندا بارودۆخێک بەرجەستە دەبێ کە تێیدا وشەکان هەڵگری باری دەروونی و ڕۆحیی مرۆیی دەبن. تاکێتی شێواز بابەتی سەرەکی توێژینەوەی شێوازناسیی ئەدەبییە، چونکە شێوازی ئەدەبی زەمینەی بەکەسیی کردنی زمان بۆ ئەدیب هەموار دەکا. لە شیعردا هونەرەکانی ڕەوانبێژی و زمانی خوازەیی و لە چیرۆک و ڕۆماندا گۆشەنیگا و جیهانبینی زەمینەی لەبار بۆ هەڵڕشتنی باری ڕۆحی و تایبەتمەندییەکانی تاک بۆ ناو دەق فەراهەم دەکەن. بەکەسیی کردنی زمان بەم مانایە نییە کە کەسێک خۆی بە خاوەنی چەند کەرەسە و وشەیەکی زمان بزانێ، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە شاعیر یان نووسەر بارە دەروونیی و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵی خۆی بە پشتیوانی کەرەسەکانی زمان بەرجەستە بکا. لە زماندا وشەی تایبەت بە هیچ کەسێک بوونی نییە، مەگەر نووسەرێک هەوڵی داتاشینی وشەی نوێی دابێ. ئەم وشە نوێیەش کاتێک لەلایەن ئاخێوەرانەوە پەسند کرا ئەوە لە ڕیزی وشە گشتییەکانی زمان هەژمار دەکرێ.

وێنە جیاوازەکانی زمانی خوازەیی کە لەڕێگەی خەیاڵەوە بەدیهاتبن، پتر لە زمانی ئاسایی بۆ بەکەسیی بوون دەشێن؛ چونکە هەڵگری باری دەروونی و ڕۆحی نووسەرن. خواستن، چواندن، هێما یان نیشانەکان و وێنە خوازەییەکان کە لەلایەن ئەدیبەوە بەدیدێن، گشتیان لەدایکبووی خەیاڵ و ئەندێشەی تاکن و پیشاندەری پرۆسەی بەکەسیی بوونی زمان لە دنیای ئەدەبن. شێوازی ئەدەبیش بەڕادەیەکی زۆر، لە مەودای ئەم زمانە بەکەسی بووە بەدیدێ.